# پارلمانی فینلەند یاسای کاری بێگاریی پەسند کرد

سەندیکای کرێکاران و کارمەندانی بەشی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی فینلەند (تێهو)، ماوەیەک لەمەوپێش خاوەنکار و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری ئاگادار کردبووەوە، کە ئەگەر لە دوادانیشتنەکانی ڕۆژانی کۆتایی هەفتەدا نەگەنە ئەنجامێکی خوازراو و خاوەنکار ئامادە نەبێت وەک پێویستە موچەی پەرستاران زیاد بکات، دووشەممەی ئاییندە و لە یەکەم هەنگاودا 12000 پەرستار و کارمەندی ئەندامی ئەو سەندیکایە گرێبەستی کارەکەیان هەڵدەوەشێننەوە و لە دووشەممەوە ناچنەوە سەر کار.
دەمودەزگای دەوڵەتی فینلەند بۆ ئەوەی پەرستارانی وەگیانهاتوو بە زەبری یاسا پاشەکشە پێ بکات و ڕێگە بگرێت لە "دانسپیبوونەوەی" کرێکارانی بەشەکانی تریش، بە جۆرێک کەوتە خۆ کە وا پێدەچوو بارودۆخی نائاسایی ڕاگەیاندبێت. ئەوە بوو کە سەرکۆمار سەفەری دەرەوەی وڵاتی هەڵوەشاندەوە، پارلمان لە دانیشتنی نائاسایی 2007/11/16 ی دا کاری تۆبزیکاریی پەرستارانی پەسند کرد و بەڕێوەبەرایەتی پارێزگارییەکانیش بە پەلەپرووزە کەوتنە خۆ تا ئەگەر بە زێدەکاریی ڕۆژانی کۆتایی هەفتەش بوویێت، دەستوورنامەی چوونەوە سەرکار بگەیەننە دەستی هەموو ئەو پەرستارانەی بەڵێنییان داوە لە دووشەممەوە نەچنەوە سەر کار.
بە پێی پێنجەمین ڕاپرسی کاناڵی تەلەفیزیۆنی (ئولێ) کە لە ڕۆژی پەسندکرانی یاساکەدا ئەنجام درا، لە سەدا 62ی هاووڵاتیانی فینلەند دژ بە پەسندکرانی ئەو یاسایە بوون. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە هەفتەگەلی ڕابردوودا تەوژمی بانگەشەیەکی بەردەوامی دژی پەرستاران لە لایەن دەوڵەت و شارەوانییەکانەوە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە ئارادا بووە.
سەرەڕای نارەزایەتی بەرینی لایەنە چەپ و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و زۆربەی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە، دەوڵەتی دێموکراتیکی فینلەند یاسای کاری زۆرەملی لە دژی پەرستاران پەسند کرد. یاسایەک کە نامرۆڤانەیە و تا ڕۆژی پەسندکرانیشی کارێکی نایاسایی بوو. بێگومان دەوڵەتی کاپیتالیستی فینلەند بەم بڕیارەی، لە بواری یاساییدا چەندین بەرزە هەنگاو پاشەکشە بە چینی کرێکار دەکات بۆ دەسبەرداربوون لە مافە هەرە سەرەتایی و دێموکراتیکەکانی. ئاخر مافی مانگرتن و ڕێکخراوبوون و ئیمزاکردن و پاشگەزبوونەوە لە گرێبەستی ئیمزاکراو لەو مافە سەرەتاییانەن، کە زەوتکردنیان کرێکار دەکاتە کۆیلەکارێکی ڕووباتی و خودی نووسین و ئیمزاکردنی گرێبەستێکی فۆرماڵیتەش هیچ مانایەکی نامێنێت.
تا کاتی نووسینی ئەم دەقە وتووێژی سەندیکای (تێهو) و نوێنەری خاوەنکار و دەوڵەت لەسەر زیادکردنی موچەی پەرستاران و کارمەندانی بەشی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی هەر بەردەوامە و ئاکامێکی نەبووە.
ڕێگایەکی پشتگیری لە داخوازییەکانی پەرستاران ئەوەیە کە لە ڕێگەی سایتی (تێهو) ئەو تۆمارە ئیمزا بکەین:

http://www.tehy.fi/viestinta/tahdon_tukea_tehylaisia

بۆ ئەم کارە هەر ئەوەندە بەسە، کە لە بۆشایی یەکەمدا ناوی خۆت بنووسیت و لە بۆشاییەکەی تردا شوێنی ژیانت.

سۆران زەکی
2007/11/17